نوسەر و بوکەشوشەکان

بەختیار عەلی

لە کتێبی «ڕابێلییە و جیهانەکەی»دا، کە لە نوسینی ڕەخنەگری ڕوسی میخائیل باختینە. فەسڵێک هەیە بە ناوی «ڕابێلییە و مێژووی پێکەنین». لەوێدا باختین ئاماژە بۆ کێشەیەکی گرنگی مێژووی خوێندنەوەکانی ڕابێلییە دەکات. ڕابێلییە کوڕی سەدەی شازدە بوو، هاوشان لەگەڵ سێرڤانتسدا بە باوکی هونەری ڕۆمان دادەنرێت، لەسەردەمی خۆیدا ناوبانگێکی گەورە پەیدادەکات، بەجۆرێک وەک باختین باسی لێوەدەکات، کاریگەری ڕابێلییە لە سنووری ئەدەبیات تێدەپەڕێت و دەبێتە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر فەیلەسوفانو سیاسەتمەدارانی سەردەمی خۆی. هەموو ئاماژەکان ڕوو لەوەن کە کتێبەکانی ڕابێلییە لەسەدەی شازدەدا بە جۆش و خرۆشو ئارەزوویەکی زۆرەوە خوێندراونەتەوە، خوێنەرانی ئەو سەردەمە لەزەتێکی زۆریان لێبینیوە، بابەتی قسە و پێکەنینی بەردەوامیان بووە، بەڵام وەک باختین ئاماژەی پێدەکات، لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، خۆری ڕابێلییە کەم و زۆر ئاوا دەبێت، لەسەدەی حەڤدە بەدواوە جۆرە خوێنەرێک سەرهەڵدەدات کە چیتر لە ڕابێلییە تێناگات، تێکستەکانی دەبنە دەقگەلێکی سەیر کە پێکەوەگرێدانی بەشەکانی و کۆکردنەوەی تەوەرەکانی بۆ خوێنەرە تازەکانی سەدەی نوێ کارێکی زەحمەتە، ئەوەی خوێنەران لە سەدەی شازدەدا وەک بەڵگەنەویست وەریاندەگرت، وەک شتێکی ڕاستەوخۆ کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و تەفسیر نییە، لەسەردەمەکانی تردا تەواو دەگۆڕێت، ئەو یەکێتییە ناوەکییەی خوێنەرانی سەدەی شازدە لە نوسینی ڕابێلییەدا دەیانبینی بەسەردەچێتو ڕابێلییەیەکی تر سەرهەڵدەدات کە خوێنەر ناتوانێت پەیوەندی نێوان بەشەکانو مانای ڕستەکان و واتای پشت میتافۆرەکانی تێبگات.

لە ئەدەبی کوردیدا، ئێمە دۆخێکی هاوشێوەمان هەیە، گواستنەوە لە سەدەی نۆزدەوە بۆ سەدەی بیست، وادەکات تێگەیشتن لە شاعیرێکی وەک مەحوی بۆ ئێمە کارێکی زەحمەت بێت، لەسەدەی بیستدا تەواوی ئەو بونیادە فەرهەنگییەی تێکستەکانی مەحوی لە ناویدا گەورەبووە لە بەیندەچێت، ئەو ژێرخانە مەعریفییەی پێویستە بۆ ئەوەی لە مەحوی تێبگەین بوونی نامێنێت، خەڵکانێکی دی و خوێنەرانێکی تر لەدایکدەبن، بە خەیاڵێکی ترو بە ژێرخانێکی مەعریفی جیاوازەوە، بەجۆرێک مەحوی بۆ ئێمە دەبێتە کەسێکی دوور و نامۆ، کەبەبێ کۆمەکی کەسێکی شرۆڤەکار کە شارەزای هەمان ژێرخانی مەعریفی کلاسیکی بێت، تێگەیشتنی ئەستەمە.

ئەوەی باختین دەرهەق بە ڕابێلییە دەستنیشانیدەکات، دیاردەیەکی بەرچاوی مێژووی ئەدەبە، هەرکات کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگوازینەوە تێکستەکان شتێک لە مانای خۆیان دەدۆڕێنن و بڕێک لە واتاکانی سەرەتایان لەدەستدەدەن، وێنەسازیی و خەیاڵبازییەکەشیان لە سەردەمانی دواتردا ئاسان شرۆڤە ناکرێت و ناخوێنرێتەوە، بەجۆرێک خۆ بە خۆ تێگەیشتن لێیان دەبێتە کارێکی زەحمەت. بەڵام گۆڕین لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، واتاکات تەنیا لە نوسەران نەگەین، بەڵکو لە ڕاستیدا دەیانکات بە کەسێکی تر، شتێکیان دەخاتە زار کە خۆیان نەیانویستووە بیڵێن، لە جێگایەکەوە دەیانخوێنێتەوە کە جێگای ئەسڵی ئەوان نییە. ئەوەی باختین لای ڕابێلییە بەوردی دەستنیشانیدەکات، تەنیا شێوەیەکە لە شێوەکانی تێنەگەیشتن لە تێکست. ئەوەی تێکست بە حوکمی ئاڵوگۆڕی سەردەم و کولتوور و زەمەنەکان شتێک لە مانا بنەڕەتییەکانی خۆی دەدۆڕێنێت، تەنیا بەشێکی دوورکەوتنەوەی تێکستە لە مانای خۆی. نوسەران بەدرێژایی مێژوو لەوە ترساون کە خوێنەران تێیان نەگەن. «مەسەلەی تێنەگەیشتن» مەسەلەیەک نییە تەنیا گرێدراوی چارەنوسی تێکست بێت لە ناو زەمەندا، واتە کێشەکە ئەوە نییە کاتێک لە سەدەیەکەوە هەنگاو بۆ سەدەیەکی دی دەنێین، تێکستەکان لەو کاری ئاڵوگۆڕەدا ژێرخانی خۆیان لەدەستبدەن و فەزای کولتووری خۆیان بدۆڕێنن، بەڵکو کێشەیەکی ئاڵۆزترە، کێشەکە ترسێکی قووڵ دەجۆشێنێت، کەترسی ئەبەدیی نوسەرانە لەوانەی کە تێیان ناگەن.

گەر تەماشابکەین، کێشەکەی ڕابێلییە بەراورد بە گرفتی تێنەگەیشتن لای نوسەرانی مۆدێرن، ناچیز و بچوکە... ئەوەی خوێنەرانی سەردەمێکی تر تێتنەگەن ئاسانترە لەو هەستەی کە خوێنەران بە گشتی، لە ئێستا و لە سبەی و لە داهاتووی دووریشدا تێینەگەن. شوپنهاوەر بە قووڵی تەعبیری لەو دۆخە تراژیدییەی نوسەر کردوە، ئەو لە وتەیەکیدا کە زۆرجار بە نمونە دەهێنرێتەوە، دۆخی خۆیو خوێنەر بە دۆخی منداڵ و بوکەشوشەکەی دەشوبهێنێت، لە کاتێکدا منداڵەکە دەزانێت بوکەشوشەکەی تێیناگات، بەڵام هەر قسەی بۆدەکات، بە بێنیگەرانی و بەمەبەست خۆی دەخەڵەتێنێت و لەسەر ئەو بڕوایە سووردەبێت کە شتێکی گەیاندووە و بوکەشوشەکە تێیدەگات.

ئەو دۆخەی شۆپنهاوەر باسیدەکات زۆر تراژیدییە، کاتێک نوسەر دەزانێت ئەوانی تر تێیناگەن، بەڵام دەبێت وابکات وەک ئەوەی ئەوانی دی تێیدەگەن، ئەوە بخاتە خەیاڵی خۆیەوە کە ئەوانی تر تێیدەگەن، بەردەوام بێت لەسەر قسەکردن وەک ئەوەی ئەوانی تر تێیدەگەن، گەر ئاماژە و نیشانەیەکی ڕوونیشی بینی پێیبڵێت کە ئەوانی دی تێیانگەن، فەرامۆشیبکات و بەردەوام بێت و هەروا تێپەڕێت وەک ئەوەی ئەوانی تر تێیدەگەن.

ئەم هەستە تراژیدییە قووڵە کە هاوشانی گەشەی ڕۆحی هەموو نوسەرێکی ڕاستەقینەیە، لە هەندێ جێگادا دەبێتە خولیای سەرەکی نوسەران، نوسەرانی جیاواز جیاواز چارەسەری جیاوازیان بۆ ئەم گرفتە هەیە، بە چەشنێک زۆرجار یاریکردن لەسەر تەوەری تێگەیشتن دەبێتە یەکێک لە خولیا گەورەکانی ئەدەب. وەک چۆن دواتر دەبێت بە خولیای هەرە سەرەکیو گەورەی فەلسەفەو ڕەخنەی ئەدەبیش، دەبێتە سەنتەری هەرە گەورەی کۆمەڵێک بزاوتی فەلسەفی، لەوانە «هێرمۆنتیک» و «لێکترازانسازی ـ دیکۆنستراکشن»... بەڵام لێرەدا مەبەستم نییە شتێک لەسەر زانستی تێگەیشتن و فەلسەفەی تێگەیشتنی ئەدەبی باسبکەم، بەڵکو مەبەستمە شتێک لەسەر تێنەگەیشتن وەک جۆرێک لە ئازار و جۆرێک لە «هوشیاریی غەمگین» لە ئەزموونی نوسەر خۆیدا بنوسم.

هەموو دەزانین کە مالارمێ، لە پێشەنگی ئەوانەدا بوو کە «مانا»ی لە شیعردا وەک ڕەگەزێکی لاوەکی دەبینی، واتە لەجەوهەردا «تێگەیشتنی شیعری» بە شتێکی لاوەکی دەبینی، شیعر لای ئەو بۆئەوە نییە شتێک بگەیێنێت، بۆئەوە نانوسرێت تێیبگەین... ئەو پرۆژەیەی مالارمێ لە ئەدەبدا سەرەتاکانی دارشت بەوە کۆتاییهات جۆرە ئەدەب و هونەرێک دروستبن کە «تێگەیشتن» لە نێویدا بابەتی سەرەکی نەبێت... گەر بوکەشوشەکە تێنەگات، بۆ خۆمان بەوەوە سەرقاڵبکەین تێیبگەیێنین، بۆ یاری ئازاد و سەربەخۆی خۆمان نەکەین، بۆ خۆمان بەدروستکردنی ماناوە خەریکبکەین، بۆ جۆرە ستاتیکایەک دروست نەکەین کە لەسەر ماناو گەیاندن و تێگەیاندن دروست نەبووبێت. بەهۆی ئەمجۆرە بڕواو تەفسیرانەوە، ئەدەب و هونەر بەگشتی بەرەو جێگایەکی تاریک و تەمومژاویی و ئاڵۆز دابەزین... تا وایلێهات لەسەدەی بیستدا، گەیشتینە سەر جۆرە ئەدەبیاتێک، نوسەرانی دەیانەوێت لە ڕێگای ڕاکردنی خۆویستەوە لە مانا، خۆیان لە کێشەی تێگەیشتن بە دووربگرن و پێچ بەدەوری گرفتەکەدا بکەنەوە.

نوسەر و شاعیری مەکسیکی «ئەکتاڤیۆ پاز» لە وتارێکیدا بە ناونیشانی «نیگای ئەسڵی»، دیوێکی تری کێشەکەمان پیشاندەدات. پاز، لای «جەیمس جۆیس» جۆرە ستراتیژێکی تری ئیشکردن لەگەڵ مانادا دەبینێتەوە، لە ڕۆمانی «ڕابوونی ڤینێگان»ی جۆیسدا، ڕووبەڕووی کێشەیەکی قووڵی تێگەیشتن دەبینەوە، ڕۆمانەکە یەکێکە لە هەرە ڕۆمانە سەختەکان بۆ تێگەیشتن، بەڵام بەبڕوای پاز کێشەی ڕۆمانەکە ئەوە نییە کە مانایەکی هەیە و ئێمە ئاسان بۆمان ناگیرێت و بۆمان نادۆزرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکە لە یاخیبوون لە ماناوە دروست نەبووە، لە فەقیری واتاوە نەخولقاوە، جۆیس بە پێچەوانەی دادائی و سوریالییەکانەوە لە مانای ڕوون هەڵنایەت، بەڵکو ستراتیژێکی تری هەیە، ستراتیژی زۆرکردنی مانا، بارکردنی هەموو ڕستەیەک بە بێشومار لە ئەگەری مانا، بە گۆڕینی ڕستەکان بۆ مەیدانی پێکدادانی مانا. لێرەدا وەک پاز دەڵێت «هەموو وشەیەک و هەموو ڕستەیەک چەپکێکن لە واتا». واتە، کێشەی تێگەیشتن ئەوکات دروستدەبێت کە نوسەر بە زیادکردنی ئەگەرەکانی مانا خۆی لەوە دەدزێتەوە؛ بتوانین بیرکردنەوەی بخەینە ژێر کاتاگۆرییەکی ئامادەوە، ئەمجۆرە تێکستانە لە بنەڕەتدا مانایەکی نەگۆڕیان نییە تا سەردەمێکی تر بێت و بە جۆرێکی دی تێیانبگات، بەڵکو لە بنەڕەتدا وانوسراون بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە کراوەبن، لە هیچ ئان و زەمانێکدا شتێکی وا جێگیر نەبەخشن کە وابزانین گەر ئەو واتایەمان دەست نەکەوت، تێکستەکەمان لەدەستداوە... لێرەدا، نوسەر مەبەستێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەوەیە پێمانبڵێت هەموو مەبەستەکان مەبەستی ئەون، هەتا ئەگەر ناکۆک و دژ بە یەکیش بن، هەموو ماناکان خواستی ئەون، هەتا ئەگەر لەگەڵ یەکدا ناتەباش بن.

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕێگایەنەشدا، ڕوویەکی گەورەی کێشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە: نوسەران هەموو وەک مالارمێ ناتوانن پشتبکەنە مانا، وەک جۆیس ناتوانن تۆڕێکی گەورە لە مانای جیاواز بچنن، نوسەران زۆربەیان دەنوسنو تەماحیان لەوەیە یەکێک هەبێت لە ماناکەی ئەوان تێبگات، لایەنی کەم نوسەر تەماحی لەوەیە کە بوکەشوشەکە تێیبگات، تەماحی لەوەیە ڕۆحبکات بەبەری بوکەشوشەکەدا. ئەم تەماحە زۆرجار بۆ دوور دەڕوات، من بەش بەحاڵی خۆم لەو سالانەی دواییدا زۆر قسەم لە «خوێنەرێکی ئیدیال» کردوە، هەمیشە ئاواتم بووە خوێنەرێکی ئیدیال بمخوێنێتەوە، دەبێت بڵێم خوێنەری ئیدیال لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئەمبرتۆ ئیکۆیە «هەڵبەت لای ئیکۆ خوێنەری ئیدیال مەرجی خۆی هەیە و هەروا لە ڕووتەندا دروست نابێت». گەر خوێنەرێکی ئیدیال نەبێت (کەتەواو پێچەوانەی بوکەشوشەکەی شۆپنهاوەرە)، نائومێدی نوسەر دەبێتە دۆخێکی هەتاهەتایی. من لە هەندێ نمونەدا باوەڕم بەو بۆچوونەی «ئەمبرتۆ ئیکۆ» هەیە، کە تێکست وەک «ماشێنێکی تەمەڵ» تەماشادەکات، کە دەبێت «خوێنەرێکی نمونەیی» هەبێت

نوسەران تەماحیان لەوەیە یەکێک هەبێت لە ماناکەی ئەوان تێبگات، لایەنی کەم تەماحی لەوەیە کە بوکەشوشەکە تێیبگات، نوسەر تەماحی لەوەیە ڕۆحبکات بەبەری بوکەشوشەکەدا



چالاکیبکات، بیخاتە سەر ڕۆحی سەردەم، ماناکانی ئەکتیڤبکات، ئیکۆ بەم پرۆسەیە دەڵێت «هەنووکاندن ـ ئەکتوالیزیرن». تەنیا خوێنەرێکی زیرەک دەتوانێت ئەو ماشێنە تەمەڵەی کە ناوی تێکستی ئەدەبییە و خۆ بە خۆ هیچ بە ڕوونی نالێت و ڕاستەوخۆ هیچ نادات بەدەستەوە، بخاتە ناو جیهانی مەعریفی و عەقڵی ئەم ساتەوە و وای لێبکات ئەو کاریگەرییەی هەبێت کە دەبێت هەیبێت. لێرەدا وەک دەبینین کێشە بنەڕەتییەکە ڕوکارێکی تر وەردەگرێت، لای شۆپنهاوەر کێشەکە بەمجۆرەیە «مانایەکمان هەیە کە ناگاتە ئەو بوکەشوشە گەمژەیەی کە ناوی خوێنەرە»، بەڵام لای «ئەمبرتۆ ئیکۆ» کێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە «ماشێنێکی تەمەڵمان هەیە کە ناوی دەقی ئەدەبییە، خۆی مانایەکی وەهای نییە و پێویستمان بە خوێنەرە بۆ ئەوەی ئەو مانایەی تیا بچێنێت»... لە هەر دوو حاڵەتەکەشدا ترسی نوسەر لە خوێنەر، لە خوێندنەوەکان، لە تێگەیشتنی ئەوانی دی وەک خۆی دەمێنێتەوە، ترسێکی ئاڵۆز و گەورە. جارێکیان ترسی ئەوەیە خوێنەر هیچ تێنەگات، جارێکی تریش ئەوەیە کە تێگەیشتنێک بسازێنێت تەواو دووربێت لە «نیازی نوسەر»ـەوە، واتە خوێنەر تێکستەکە بخاتە سەر مەیل و واتایەک کە خوێنەر خۆی دەیەوێت نەوەک نوسەر. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا بۆ منی نوسەر «تێنەگەیشتن» «دەرەنجامگیریی هەڵە» دوو مۆتەکەی ترسناکن کە بەدوای هەموو کردارێکی نوسینەوەن... ئەم ترسە قووڵە وادەکات بمەوێت سنووری پەیوەندی بە خوێنەرەوە بچوکبکەمەوە، تا بەو کارە مەودا و سنووری ئەو تێنەگەیشتنە کۆنترۆڵبکەم. پاز لە سەرەتای ئەو وتارەیدا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، قسەیەکی سەرەنجڕاکێشی هێنری میشۆی شاعیر دەگێڕێتەوە . میشۆ لە گفتوگۆیەکدا بە پاز دەڵێت «من سەرەتا دوو سەد نوسخەم لە دیوانێکی بچوک چاپکرد، دواتر ئەو دوو سەد نوسخەیە بوو بە دوو هەزار، ئەمڕۆ نزیکی بیست هەزار چاپدەکەین. هەفتەی پێشوو بنکەیەکی بڵاوکردنەوە پێشنیاری بۆ کردم سەرجەمی کتێبەکانم لە زنجیرەیەکدا کە بۆ کۆ تیراژیان دەگاتە سەد هەزار دانە بڵاوبکەینەوە، من ڕەتمکردەوە، حەزم لێیە بگەڕێمەوە بۆ سەرەتا، بۆ دوو سەد نوسخەکە». وەک پاز دەڵێت ئەم خولیایەی میشۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی مرۆڤ نەناسراو بیت، باشترە لەوەی ناتەواو ناسراو بیت. کەم بخوێنرێتەوەو تێیبگەن، باشترە لەوەی زۆر بخوێنرێتەوەو تێینەگەن. لای میشۆ، ترس لە ناوبانگێک کە لەسەر تێنەگەیشتن دروستبووبێت بازدەداتە پێشی پێشەوە، هیچ بەختەوەرییەک لەوەدا نییە بنوسین و بناسرێین و تێمان نەگەن... دواجار بەختەوەری نوسەر نە لەوەدایە بۆ بوکەشوشەکان قسەبکات، نە لەوەشدایە قسەی خۆی لە بەر لۆژیک و نیگاو تێگەیشتنی بوکەشوشەکان بگۆڕێت... چونکە لەم سەردەمەدا، مەترسییەکە هەر ئەوە نییە کە بوکەشوشەکان تێمان ناگەن، بەڵکو لەوەدایە بوکەشوشەکان دەتوانن ئەو وەهمە لە هەزاران نوسەردا سەوزبکەن، کە ئەگەر هاتوو بەجۆرێکی دیاریکراو بنوسن و قسەبکەن، تێیاندەگەن... ئەوەی بوکەشوشەکان بیرنەکردنەوەی خۆیان بەسەر بیرکردنەوەی ئێمەدا بسەپێنن مەترسییەکی هەمیشەییە. دواجار ڕەنگە زۆر ترسناک نەبێت سەردەمەکانی تر بەجۆرێکی تر بمانخوێننەوە، بەڵام زۆر ترسناکە خواستی نوسەر لە هیچ سەردەمێکدا نەگاتە جێ و بەتەواوەتی ببێت بە ژێر خواستی خوێنەرەوە... نوسەر دواجار کەسێکە کە قسەیەکی هەیە، کێشە نییە لەو قسەیە مانای تر بدۆزینەوە، بەڵام کێشەیەکی گەورەیە نیازی نوسەر هەمیشە و هەمیشە وەک شتێکی پەراوێزیی و بێمانا و دوورەدەست سەیربکەین... بەبڕوای من کێشەی تێگەیشتن، ئەو مۆتەکەیەیە کە لەگەڵ مێژووی نوسیندا سەریهەڵداوە و تا ئەبەد دەمێنێتەوە، نازانم ئاخۆ ستراتیژەکەی هێنری میشۆ «گەڕانەوە بۆ دوو سەد خوێنەری باش» دەتوانێت کێشەکە چارەسەربکات؟ ... دواجار من وادەبینم کێشەکە نە بەوجۆرەی مالارمێ چارەسەر دەبێت، کە تێگەیشتن نەکەینە کێشەی خۆمان، نە بەوجۆرەی جەیمس جۆیس کە تێگەیشتن وەها فراوانبکەین بە جۆرێک خوێنەر هەر مانایەک وەربگرێت، ئەوە ببێتە مانای نوسەرو یەکێک لە مەبەستە شاردراوەکانی ئەوە . خوێنەر مافی خۆیەتی لە مندا ئەوە ببینێت کە ئەو دەیەوێت، بەڵام مافی نوسەریشە بیەوێت هەموو ڕێگایەک بگرێتە بەر ئەو مانایە بگەیێنێت کە ئەو دەیەوێت، بەڵام بێئەوەی خیانەت لە قووڵایی گووتە و شێوازی گووتنەکەی بکات. نوسەر ئەو کەسەیە کە دەیەوێت هەمیشە خۆی بێت، بەو شێوەیەش خۆی بۆ جیهان ئاشکرابکات کە خۆی دەیەوێت، بەوجۆرەش تێیبگەین کە لە نوسینەکانیدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەم داواکارییە مەحاڵە... بۆیە ترسی نوسەر لە خوێنەران ترسێکی ئەبەدییە، کە بەبڕوای من زۆر گەورەترە لەو ترسە دێرینەی کە خوێنەران لە نوسەرانیان هەیە... ئەوەی خوێنەر لە نوسەر تێنەگات، ئەو ئازارەی نییە کە نوسەرێک بزانێت، هەموو خوێنەرەکان و لە هەموو سەردەمەکاندا تێیناگەن... بۆیە گەر لە قووڵاییدا بڕوانین، نوسین زۆر بە قووڵی بە نائومێدییەوە گرێدراوە... نائومێدییەک کە هەرگیز ناتوانین بییەزێنین و بەبێ خیانەتکردن لە خود تێیپەڕێنین. خوێنەر گەر بوکەشوشەیەکی گەمژەیە یاخود بوونەوەرێکی نمونەیی و ئیدیال، هەمیشە کاری خۆی لەسەر یادکردن و فەرامۆشکردنی نوسەر بونیاددەنێت، کە دۆخێکە نوسەر تا سەر ئێسقان ئازار دەدات... بەجۆرێک زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین، نوسین لە بنەڕەتدا گەڕانە بۆ پردێک کە پیایدا بەرەو لای ئەوانی دی بپەڕێینەوە، پردێک کە نوسەرانی ڕاستەقینە زۆر کەمتر دەتوانن دروستیبکەن لە نوسەرانێکی بێبەهرە کە شتگەلێکی وەها کەم و سادە و بێسەنگیان پێیە، نەوەک پرد هەواش بەسوکی لە مبەرەوە دەیانبات بۆ ئەوبەر.

* ئەم وتارە تایبەت بە (یەکێتی) نووسراوە.